# تازە پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق،
# هاتنەگۆڕی مەسەلەی دەستورو سیاسەتی ئێمە

### ئەم باسە لەلایەن ریبوار ئەحمەدەوە پیشکەش بە پلنیۆمی 17ی کۆمیتەی ناوەندی کرا

### پلنیۆم جهەتگیریە سیاسیەکانی ئەم باسەی وەکو بنەمای هەڵوێستو نەخشەکاری حیزب تەئیدکرد

ئیمە دوو مانگو چەند رۆژ لەمەبەر لە کۆنگرەو پلنیۆمو کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا، بە دریـژیو هەمەلایەنـە لەسـەر وەزعـی سیاسـی عـیراقو رەوەنـدو هاوکیشەکانی قسەمان کردو سیاسەتی خۆمان روونکردەوە. لەو کاتەوە تا ئیستا ئالوگۆریك لەو مەسارەدا رووینەداوە جگە لەوەی پیشبینیمان کردبوو. بۆیە من بـە لەبەرچاوگرتنی باسەکانی کۆنگرەو پلنیۆم، مەبەستم نیە ئەوانە دووپات بکەمەوە. هەر وەکو لە عنوانەکەشدا هاتووە مەبەست دوپات کردنەوەی ئەو مەسەلانە نیە کە پیشتر لە بارەیانەوە قسەمان کردوەو بەلگەنامەو سیاسەتی رۆشنمان هەیە لە بارەیانەوە. بەلکو مەبەست لە سەرنجدانی ئـەو مەسـەلە تازانەیـە کـە لـە هـەمان مەساردا هاتوەتە پیشەوە. هەروەها گرتنەپیشی سیاسەتو هەلویستو هەنگاوی پیویستە لە ئاستیاندا.

ئیمە لە کۆنگرە لە بارەی تازەترین مەسەلەی سیاسی ئەوکاتەی عیراقەوە باسمان لە حکومەتی کاتی تالەبانی-جعفری کـرد، ووتمـان ئەمـە حەلقەیـەکی تـرە لـە قولبونەوەی سیناریۆی رەش، ووتمان هەنگاویکی ترە لە پەرەپیدانی ناکۆکیو کیشمەکیشی قەومیو تائیفی، ووتمان ئەم حکومەتە لە سەر بورکان راگیراوە، ووتمان لـە راستیدا حکومەت نیە، بەلکو دامەزراویکی ئەنجامی جەنگو داگیرکاری ئەمریکایەو بە زەبری وجودی هیزەکانی ئەمریکا ئەم هیزانە پیکەوەنراونو هەمـوو سـاتیك ئیحتمالی بەسەریەکداروخانی هەیە.

رووداوەکانی دواتر بە خیرایی ئەم راستیانەیان لە مەیدانی واقعدا نیشاندا. لە ناوەراستو کۆتایی مانگی ئایاردا هەرەشەو کوشـتارو بینـەوبردەی تـائیفی نیـوان تاقمە شیعەو سونەکان سیبەریکی رەشی خستەسەر ژیانی خەلك، لە چەند جیگا کوشتاری بە کۆمەل روویدا، تەقینەوەو کاری تیرۆریستی پەرەی سەند، تا ئیـستاش هەمـوو رۆژیك نیشانەکانی شەری قەومی بەسەر شاری کەرکوکەوە وەکو شەبەحیك هاتو چۆ دەکات. خەلك بە گشتی ئەو راستیە دەزانن کە ئـەم شـەرە بـە واقعـی دەستی پیکردوەو هەر رووداویکی سادەی رۆژانە دەتوانێ لە ئاستی فراواندا بیتەقینیتەوەو کارەساتیکی ئینسانی گەورە بخولقێ.

بە بروای من ئەم لایەنە لە ئیستادا مەسەلەیەکی هەرە خەتەرناکی وەزعی سیاسی عیراقە، رەنگە بە هەر هۆیەکەوە بیت جار جار بۆ هەفتەیەك یان چەند هەفتـە کال بیتەوە، بەلام داگیرکاریو تیرۆریزمو ئەو هاوکیشەیەی کە بەسەر عیراقدا فەرزکراوەو ئەو تەقسیمبەندیە قـەومیو تائیفیـەی خـولقینراوە، بـە بـەردەوامی ئـەم کۆمەلگایە لەبەردەم ئەم هەرەشەیە رادەگریت. هەر مەسەلەیەکی سادە بیتە پیشەوە کە بەجۆریك بە سەهمی هەریەك لە هیزەکـانی نیـو ئـەم حکومەتـە پەیوەسـت بیتەوە، ئەم هەرەشەیە لەسەر کۆمەلگا توند دەبیتەوە. ئەوە بووە بە تەقلیدیك کە هەر لایەك لە هەر چییەك نارازی بیت یەکسەر پەنا بۆ چەکی هەرەشەی ئەم شـەرە دەبات.

ئەمە چەکیکە بە دەست ناسیونالیستە کوردەکانەوە بۆ سەپاندنی فیدرالیزم، بۆ سەپاندنی بەندی 58 لە قانوونی ئیدارەی عیراق، بۆ بەشی خۆیان لـە حکومـەتی مەرکەزی، تەنانەت بریاری دەرکردنی پولیسە کوردەکانی کەرکوکیش هەر بەمە بەرپەرچ دەدەنەوە. تاقمە سونیەکان بە هەمان شیوە لەلایـەك راسـتەوخۆ هاوکـاری تاقمەکانی سەربە بنلادن دەکەن لە کردەوە تیرۆریستیەکانیاندا، لەلایەکی دیکەوە دەیانەوێ بە فشارەکانی ئەوان ئیمتیازی خۆیان وەرگرن لـە حکومـەتی کـاتی. بـۆ بەشی خۆیان لە حکومەت، لە داهات، تەنانەت لە لیژنەی دارشتنی دەستور هەرەشەی شـەری تـائیفی تونـد دەکەنـەوە. تاقمـە شیعەکانیش هـەر بـەوجۆرە، بـەم هەرەشەیە فیدرالیزمی قەومی بۆ کوردەکان رەت دەکەنەوەو دەلین کارەسات دەقەومینێ، ئەوەندەی بۆ کوردەکان وەکو فیدرالیزمی ئیداری قایل دەبن بۆ خۆشیان بـە هەمان هەرەشە داوای فیدرالیزمی ئیداری خۆیان لە شارەکانی جنوب دەکەن، داوای بە رەسمی ناسینی میلیشیاکانیان دەکەن وەکو بەشیك لە سوپای عیراق، مـەرجی دانانی ئیسلام بە بنەمای قانونو دەستور فەرز دەکەن...

هەمـوو ئەمانە بە پەتیکی رزیو پیکەوە بەندماوون، کافیە رۆژیك ئەم پەتە بپچریتو کارەساتەکە بقەومێ. ئەمە ئەرکیکی گـەورەو میـژوویی دەخاتـە ئەسـتۆی حیزبی ئیمە بۆ رزگارکردنی کۆمەلگا لەم خەتەرە. وە ئیمە باسمان کرد کە ریگاچارەی ئیمەو بەدیلی ئیمە بۆ ئەم وەزعە تایبەتە کۆنگرەی ئـازادی عـیراقو سـازدانی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریو هینانەمەیدانی ئیرادەی جەماوەری خەلکە بۆ کردنەدەرەوەی ئـەمریکاو هەلوەشـانەوەی هـەموو دامـەزراوەکانیو گیرانـەوەی ئـیرادەی بریاردان لەسەر چارەنوسی عیراق بۆ دەستی خودی خەلك. بە بروای من دوو مـانگو چەند رۆژ دوای کۆنگرەی سێیەم کە ئەم جهەتگیریـەی تیـا پەسـەندکرا، رەوتـی رووداوەکان جەختی زیاتر لەسەر ئەم سیاسەتە دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا ئیمە ووتمان کە ئەم وشکەکەڵکە نابیت بە حکومەتو لە مەیدانی واقعدا دووبارە هەمان میلیشیاکانی پیشووە کە بە ناوی حکومەتەوە هەرکام لە ناوچەی قەلەمرەوی خۆیدا حوکم دەکات. ماوەی رابردوو ئەم راستیەشی بە کردەوە نیشانداوە. سەرۆکی حکومەت بە بی پرسی سەرۆك کۆمار هەنگاوی بـەکردەوە بۆ پەیوەندی لەگەل دەولەتان هەلدەگریت، یان بە بازدان بەسەر سەرۆك کۆماردا بریار دەدات، ناوچەیەکی حکومەتی هەریم ئامادەنیە ئالای عیراق بەرزبکاتـەوە، بـە کردەوە حکومەتی مەرکەزی لە هیچ ناوچەیەکی ژیردەستی هیچ ملیشیایەکدا دەستی ناروات بـۆ هـیچ کاریـك. ئـەم حکومەتـە زۆری نـەمابوو لەسـەر مەسـەلەی سویندخواردنی قانونی بە سەریەکدا بروخیت. حکومەتیکی بەم جۆرە ئەگەر شانس بهینێو بەشەلە شەلو بینەوبردەش ماوەی کاتی خۆی تەواو بکـاتو بەسـەریەکدا

نەروخیت، بەلام بە کردەوە هەرگیز نابیت بە حکومەت. ئەوەی لیی دەکەویتەوە تەنها قولکردنەوەی ناکۆکیە کۆنەپەرستانەکانو فەزای کۆنەپەرستانەو سیناریۆی رەشە.

لایەنیکی دیکە لە باسی وەزعی سیاسی عیراقو لە پەیوەند بە حکومەتەوە، ئەو راستیەیە کە ئیمە ووتمان ئەم حکومەتە نەك هەر نوینەری ئاواتو ئامانجەکانی خەلك نیە بەلکو بە تەواوی لەگەل ئەوانەدا دەکەویتە ناکۆکیەوەو لە بەرامبەریاندا دەوەستیتەوە. راستە تا ئیستا ئەم حکومەتە نەپەرژاوەتە سەر ئەوەی کاریکی ئەوتۆ بکات تا ئەم ناکۆکیو دژایەتیەی بە تەواوی رۆشن بیتەوە. بەلام هەر لەو ئاستەدا کە دەورو کارکردی دەرکەوتبیتو کاریکی پیکرابیت راستی ئەو بۆچونانەی ئیمەی بۆ خەلك سەلماندوە. ئەمەش دەبیتە بنەمایەکی بەهیز بۆ رەوینەوەی خۆشباوەری خەلكو پەرەسەندنی بزووتنەوەی جەماوەری بۆ پیچانەوەی دەورودوکانیان.

ئیستا ئیتر ناکۆکیو دژایەتی ئەم حکومەتە لەوە تیپەریوە کە تەنها بکریت لە بواری سیاسیو مافە فەردیو مەدەنیەکانی خەلکەوە نیشانبدریت، لەوە تیپەریوە کە قەومیگەریو ئیسلامیو عەشایەری ئەم هیزانە بەلگەکانی ناکۆکیان بیت لەگەل ئاواتو ئارەزوەکانی جەماوەری خەلکی ئازادیخوازو متمدنی عیراقدا، لەوە تیپەریوە کە تەنها خۆگریدانەوەیان بە جەنگو داگیرکاریو تیرۆریزمەوە بکریتە بەلگەی ناکۆکیان لەگەل بەرژەوەندیەکانی خەلك. ئیستا ئیتر ئەم ناکۆکیە بە کردەوە لەسەر ژیانی مادیو رۆژانەی خەلك مانای پەیداکردوە، مەسەلەکە کیشاویەتیە مەیدانی ئابوری. ئەوەی تا ئیستا بە کردەوە دەرکەوتووە، لە سایەی ئەم حکومەتەدا ئەو مقدارە مەوادە خۆارکیە خراپو بیکەلکەش براوە کە بە ناچاری بەشیکی سەرەکی لە ژیانی رۆژانەی جەماوەری بەرینی خەلکی دابین دەکرد. ئەمەش گرانیەکی گەوەری خولقاندوە بە تایبەت لە پەیوەند بە نرخی ئەو مەوادانەوە کە خۆراکی سەرەکیو رۆژانەی خەلکن، ئەم گرانیە گەیشتوە بە ئاستیك کە لە توانای کرینی بەشی زۆری خەلك دەربچیت. ئەمە مەسەلەیەکی سادە نیە، دەیان سالە بەشی زوری خەلکی ئەم کۆمەلگایە بەم مەوادە ژیان دەگوزەرینن، تەنانەت رژیمی بەعس لە قولترین ئەزمەکانیدا کەیفیەتو کەمیەتی ئەم مەوادەی خراپ کردوە بەلام نەیتوانیوە لە ژیرباری دەربچیت. ئیستا بە شیوەی غەیرە رەسمی لەلایەن حکومەتی کاتیەوە باسی ئەوە هەیە کە بە یەکجاری ئەم مەوادە ببرنو حکومەت لە ژیرباری بیتەدەر، ئەگەر ئەمە رووبداتو بۆیان بچیتەسەر ژیانی خەلك زۆر قورسو کارەساتبار دەبیت.

ئەم حکومەتە زۆر بە توندی لە بیرو هەولی ئەوەدایە گشت دەسکەوتە ئابوریەکانی خەلك وەرگریتەوە کە لە رەوەندی دەیان سالی رابردوودا لە جەرگەی ئاولوگۆرو کیشمەکیشە جۆراوجۆرەکاندا بە دەست هاتوون. هەر ئیستا لە جیاتی بیرکردنەوە لە کارپەیداکردن بۆ لەشکری ملیونی بیکاران، بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن بە لیشاو ئەو بەشە کەمەی خەلك بیکاربکەن کە ئیستا لەسەرکارن، بیر لەوە دەکەنەوە کە نرخی بەنزینو سوتەمەنی بەرنە سەرەوە، پیدەچیت ئەوە بە خەسار بۆ خۆیان بزانن کە لەو ولاتەی لەسەر دەریای نەوت خەوتووە، نرخی سوتەمەنیو بەنزین لەو ئاستەدا بیت کە خەلك بتوانن بە ئاسانی بیکرن. پروپاگەندەی ئەوەیان بلاوکردوەتەوە کە نرخی ئەم سوتەمەنیانە بەرنە سەرەوە بۆ ئاستی نرخەکەی لەو ولاتانەی کە لە عیراقەوە ئیستیرادی دەکەن. دەلین گوایە سالانە حکومەت لەم نرخە هەرزانە 8 ملیار دۆلار خەسار دەکات، بە نامایەکی دیکە ئەوان کە هەموو خەرجی داهاتو دامو دەزگاو ژیانی شاهانەو ملیشیاو کاروباری حیزبیو مولكو مالی لە رادەبەدەری خۆیان لە داهاتی نەوتو داهاتەکانی دیکەی وولات مسۆگەر دەکەن، ئەوە بە خەسار دەزانن کە لەم داهاتی نەوتەی کە بەبێ هیچ سەرمایەیەکی ئەوان دەرژیتە دەستیانەوە بەشی مەسرەفی رۆژانەی خەلکی تیابیت.

ئەمانە چەند نمونەیەکن کە نیشانیدەدەن ئەم تاقمانەی دەسەلات لە ئاسمانەوە کەوتوەتە باوەشیانەوە چ نیەتیکی خراپو دژ بە خەلکیان هەیەو ئەگەر بۆیان بچیتەسەر چ بێ مافیەك بەسەر خەلکدا دادەسەپینن. ئەوە راستە کە ئەگەر ئەو هەلومەرجەی ئەوانە خەوی پیوە دەبینن بەدیبیت، ژیانی خەلك زۆر سەخت دەکاتەوەو توانای خەباتو راوەستاویشیان دەهینیتە خوارەوە، بەلام فاکتەریکی گرنگ لیرەدا ئەوەیە کە هیشتا ئەم بە ناو حکومەتە لەوە بیدەسەلاتترە کە بتوانی بە ئاسانی ئەم هەنگاوە دژی خەلکیانە پیادە بکات، ناکۆکیە لە چارەنەهاتوەکانی نیوان خۆشیان گرفتی زۆرتریان لەم بارەیەوە بۆ دروست دەکات.بۆیە دەبێ هەر لەم سەرەتایەوە خەباتی جەماوەری بتوانی ئەم نیەتو مەرامانە وردوخاشو ناکام بکاتەوە، ئەرکی سازدانو رابەری کردنی ئەم خەباتەش دەکەویتە ئەتسۆی حیزبی ئیمە.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لە ئەمرۆی عیراقدا هاتنە گۆریی باسی دارشتنی دەستورە. مەسەلەکە لە رۆژی روناك ئاشکراترە کە وەکو هەنگاویکی دیکە لە جەهەتی فەرزکردنی بەدیلو دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی خۆیاندا، دەیانەوێ دەستوریکی قەومی-ئیسلامی-عەشایەری کۆنەپەرستانە بەسەر کۆمەلگادا فەرز بکەن. بۆ ئەمەش بە هەمان شیوەی سیناریۆی هەلبژاردن دەیانەوی سیناریۆی بۆ بەریبخەن. ئەمەش ئەرکی دیاری کردنی هەلویستی سیاسیو هەنگاوی عەمەلی کارساز دەخاتە ئەستۆی حیزبی ئیمە.

سەرەتا ئەو پرسیارە دیتەگۆرێ کە ئایا دەبی ئیمە خەلك لە دژی بەدیلو هەولەکانی ئەوان بهینینە مەیدانو ئیمەش دەبی بەدیلی خۆمان بخەینەروو؟ ئایا دەبی جەماوەری خەلك هاندەین بۆئەوەی لەم پەیوەندەدا خواستەکانی خۆیان بەرزکەنەوە؟

بە بروای من ئەمانە ناتوانی سیاسەتو جهەتیکی دروست بیت، هەلویستیکی بەم جۆرە مانای بە کیش بوونە بۆ مەیدانیك کە ئەوان دیاریان کردوەو بە دلنیاییەوە خۆیان تیایدا براوەو خەلك تیایدا دۆراو دەکەن. ئەوان کاتیك باسی دەستور دەهیننەگۆرێ لە روانگەی خۆیانەوە وا چاوی لی دەکەن کە مەسەلەی دەسەلات براوەتەوەو گوایە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دیاریکراوەو تەواو بووە، یان رەوتی خۆی گرتووە. بۆیە قسە لەسەر ئەمە نەماوەو ئیستا نۆرەی دەستورەکەیەتی. لیرەشدا دەیانەوێ سیناریۆیەکی تر بەرپابکەن، گوایە تیایدا هەموو کەسو لایەنیك دەتوانی تەرحو پیشنیاری خۆی بدات، بە شیوەی دیموکراسیش تەنانەت رەنگە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا مناقشەی بکریتو دوای ئەوە مەرجەعی بریاردەر کە گوایە بە شیوەی دیموکراسی هەلبژیردراوەو نوینەرایەتی "بەشە

جیاجیاکانی خەلكو هەموو قەومو تائیفەو عەشیرەتەکانی پیکهینەری کۆمەلگای عیراق دەکات"، بریاری لیدەدریت. ئەنجامی ئەم پرۆسەیەش زۆر ئاشکرایە کە چی دەبیت.

بۆیە بە بروای من ئالۆزیەك لە مەسەلەکەدا هەیە کە پیویستە بە وردی سەرنجی بدەین بۆ ئەوەی بگەین بە هەولویستیکی دروست. تەنانەت ئەم مەسەلەیە وەکو هەلبژاردنیش نیە، ئیمە ئەوکات ووتمان ئەگەر بریارە هەلبژاردنیك لە عیراق بەریوەبچیت دەبی مەرجەکانی هەلبژاردنی تیادا مسۆگەر بکریتو ئەو مەرجانەشمان دیاری کرد. کاتیك کە ئەو مەرجانە بە هیچ جۆریك رەچاونەکراو بە کردەوە هەلبژاردن بوو بە سیناریۆی وەرگرتنی پەنجەمۆری خەلك لە ژیر فشاری جۆرەها فریوکاریو زەختو زۆردا، ئیمە موقاتەعەمان کردو بانگەوازی خەلکمان کرد بەشداری تیا نەکەن.

بەلام ئەمجارە هەمان شیواز بۆ هەلویست وەرگرتن لە مەسەلەی سیاغەی دەستور دروست نیە، واتە ئەوە دروست نیە کە بیین بەدیلی خۆمان بخەینە بەردەم ئەم پرۆسەیەو پاشان کە گوێ لە ئیمەو خواستەکانی خەلك نەگیرا مەحکومی بکەینو لە دژی راوەستین. چونکە یەکەم لەم فەزا سەختو دژوارەدا ئەوە ئاشکرایە کە ئەو هیزانە بە هەمان میکانیزمەکانی هەلبژاردن دەتوانن دەستوری قەومیو دینیو عەشایەری بە خەلك بقەبلینن‌و دواتر ئیدعای ئەوە بکەن کە خەلك دەنگی پیداوە، چونکە هەم فەزاکەو هەم مەیدانی یاریەکە ئەوان دیاریان کردوە.

لەلایەکی ترەوە خودی باسی دارشتنی دەستور کە لەلایەن ئەم هیزانەوە تەرح کراوە، لەو مەنتقەوە تەرح کراوە کە ناوەراستی پرۆسەی ساغکردنەوەی سیستەمی حکومرانیە لە عیراقدا، واتە پرۆسەکە بە هەلبژاردن‌و پاشان حکومەتی کاتی دەستی پیکردوەو بە دارشتنی دەستورو پاشانیش دامەزراندنی حکومەتی ئایندەی عیراق، تەواو دەبیت. بۆیە بۆ جەماوەری خەلكو بۆ لایەنیك کە قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەیەی پی قبول نەبیتو بە سیناریۆیەکی گالتەجارانەی بزانیێ، ناتوانیێ لە نیوقەدو ناوەراستەوە تیکەلاوی بیت جا با هەرچەندە بەدیلەکەی رادیکالو ئازادیخوازانەبیت.

بە مانایەکی دیکە هەلویست لە مەسەلەی دەستور ئیمەو خەلکی ئازادیخواز دەباتەوە بۆ سەرەتای پرۆسەکە، بۆ پیش ئەو قۆناغەی کە لەلایەن ئەوانەوە تەواو بووەو لەلایەن ئیمەوە لە جیگای خۆیەتی. بۆ پیش سیناریۆی هەلبژاردن. ئەوکات لەسەرەتای پرۆسەکەوە دەکراو لە جیگای خۆی بوو ئیمە بلیین تەرحمان چیە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە چۆن بە قازانجی خەلكو پشت بە ئیرادەی خەلك دەست پیبکاتو بڕواتە پیشەوە. بەلام کە بەم جۆرە دەستی پینەکردو نەچوە پیش ئیستا ناکرێ بە هەمان مەنتق مامەلە لەگەل قۆناغیکی دیکەی ئەم پرۆسەیە بکەین. دەبی دووبارە بگەرییینەوە بۆ سەرەتا، بۆ ئەو جیگایەی کە لە روانگەی ئیمەوە دەوری خەلکی تیا پەراویزخراوەو لەویوە دەست پیبکەینەوە. ئیمەش دەبێ خۆمان مەیدانی کیشمەکیشی خۆمان‌و خەلك لەگەل ئەوان دیاری بکەین. ئەو مەیدانەش مەیدانی کیشەیە لەسەر دەسەلاتو حکومەتو سیستەمی حوکمرانی، نەك دارشتنی دەستور، دارشتنی دەستور نیوقەدی پرۆسەکەیە.

لەم روانگەیەوە مەسەلەی ئەصلی لە بارەی دارشتنی دەستورەوە ئەوە نیە کە کام دەستورو بە کام ناوەرۆك بریاری لیدەدریت، بەلکو ئەوەیە کە کێو کام مەرجەع سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە دەکات؟ کام مەرجەع بریاری لەسەر دەدات؟ بە چ میکانیزمیك بریاری لیدەدریت؟ لە چ فەزایەکدا دەرواتە پیشەوە؟...ئەگەر ئەمانە فەرامۆش بکریت ئەوکات زۆر بە سادەیی دەکریت جۆرەها سیناریۆ بەرپابکریتو بۆ ئەوەی بە ناوی خەلکەوە کۆنەپەرستانەترین دەستور پەسەند بکریت. بۆیە پیش مەترەح کردنی بەدیل، پیش قسە لەسەر ناوەرۆك، ئەمە مەیدانی جەنگە. هیچ تیپیك ناچیتە ناو یاریەکەوە کە لە پیشەوە حەکەمەکەی قبول نەبیتو بە عادلی نەزانیت، خەلکی ئازادی خوازی عیراقیش ناتوانن بچنە ناو پرۆسەیەکەوە کە سەرپەرشتیارو بریاردەرەکەی ئەمریکاو دەستوپیوەندەکانی بیت. ئەوانەی لە ئەنجامی هەلبژاردنەوە هاتونەتەدەرەوە هیچ مشروعیەتیکیان بۆ ئەم کارە نیە. بۆیە نابێ ئیمەو خەلك پیشنارو داخوازی خۆمان بخەینە بەردەم ئەوان، بەلکو دەبێ شیوەی خۆمان و بزووتنەوەی خۆمان بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجەکانمان بەریبخەین.

هەلویستی دروست لەسەر ئەم بنەمایە ئەوەیە کە ئیمە خەلك بۆ پوچەلکردنەوەی پرۆسەی ئەوان بۆ "دراشتنی دەستور" بهینینە مەیدان، لەم بارەیەوە بێ شك دەبێ دەست بخەینە سەر ناوەرۆكو ماهیەتی تەرحەکانیان، میکانیزمەکانیان، مەبەستو نیازەکانیان...دەبی کەمپین بکەین، دەبی زهنی خەلك لە ئاست هەموو ئەمانە رروون بکەینەوە...دەبی لەسەر ئەم مەسەلەیە بنوسین، قسەبکەین، میتینگ بگرین، هانبدەین... بەلام ئامانج لە هەموو ئەم کارە دەبی پوچەلکردنەوەی نەخشەی داسەپاندنی دەستوری کۆنەپەرستانەیان بیت نەك دانانی بەدیلو پیشنیاری خۆمان‌و خەلك لەبەردەم بریاری ئەوان.

لەم بارەیەوە بە بروای من مەسەلەی ئەصلی بۆ ئیمە هاوکات لەگەل پەردەهەلمالین لەسەر ئەو مەرامو مەبەستانەی کە لە پشتی نەخشەی "دارشتنی دەستور"ەوە خۆی حەشارداوە، هەروەها هاوکات لەگەل خەبات بۆ پوچەلکردنەوەو بە شکست کیشانی ئەم نەخشەیە، دەبی بزووتنەوەی خۆمان پەرەپیبدەین، ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەی جەماوەریە بۆ کردنەدەرەوەی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزم، بۆ کۆتاییهینان بە داگیرکاریو هەلوەشانەوەی دامو دەزگاکانی سەرچاوەگرتوو لەم داگیرکاریەو گیرانەوەی ئیرادەی بریاردان لەسەر سیستەمی حوکمرانی ئایندە بۆ جەماوەری خەلك. بە مانایەکی تر سیاسەتی ئەصلی ئیمە لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا دیسانەوە پیداگریە لەسەر کۆنگرەی ئازادی عیراقو مەنشورەکەی. ئەمە مەیدانی واقعی نەبەردو کیشمەکیشەو نابێ ریگابدەین باسی "دارشتنی دەستور" بیگۆرێ بەشتیکی تر.

بەلام لایەنیکی دیکەی کیشمەکیش لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەرجەستەکردنی بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسانە. ئەمە بە دوو مانا گرنگە یەکەم: وەکو مەیدانیك بۆ بەرجەستەکردن‌و ناساندنی ئەم بەیاننامەیە لە ئاستی کۆمەلگادا، دووەم: بۆ توند کردنەوەی فەزا ی ئازادیخوازی لەسەر مەسەلەی دراشتنی دەستور لە هەر دەورەیەك بیت. ئیمە دەبی لەم دەرفەتە کەلك وەرگرین بۆ ئەوەی لە هەرکاتیکدا دەستوری عیراق داریژریت مۆری ئەم بەیاننامەیەی پیوەبیت، لەم بارەیەوە دەبی تەئەکید لەوە بکەین کە بەدەر لەوەی کەی دەستوری عیراق دادەریژریتو بە چ میکانیزمیك دەبیت، نابی دەستورو یاساکانی وولات لەگەل ئەم بەیاننامەیە کە

مافە حاشاهەلنەگرو ئەساسیەکانی ئینسانی دیاری کردوە بکەویتە تەناقوزەوە. هەر یاساو دەستوریك لەگەل ئەم بەیاننامەیە ناکۆکی پەیدا بکات، لەگەل ئازادیو ئینسانیەتو مافەکانی ئینساندا ناکۆکی پەیدا دەکاتو مەحکوم بە هەلوەشانەوەیە.

بە کورتی هەرەشەی قولبونەوەی تیرۆرو توندبونەوەی شەری قەومی تائیفی، توندبونەوەی هیرشی ئەو هیزانەی لەلایەن ئەمریکاوە نانو ئاوو گوزەرانی خەلکیان بە کۆنتەرات وەرگرتوە، بۆ سەر ژیانی خەلكو سەندنەوەی ئاخرین مافو دەسکەوتە سەرەتاییە ئابوریەکانیان، نەخشەی بیکارسازی فراوان، پیلانی داسەپاندنی دەستوری کۆنەپەرستانەی قەومیو دینی... مەسەلە گەرمو تازەکانی سەر ساحەی سیاسی عیراقن. ئەمانە بەرامبەرکیّی نیوان خەلكو دەسەلاتداران دەبەنە قۆناغیکی مەلموستر و بنەمای نارەزایەتی خەلك بەهیزتر دەکەن، خۆشباوەری بەم هیزانە زیاتر دەرەوینەوە. حیزبی ئیمە دەبی وەکو رابەری نارەزایەتی خەلك دژی ئەم هەرەشەو هیرشانە دەربکەویّو دەوری خۆی بگیریّ. جهەتگیریەکی سیاسی گرنگی کۆنگرە بۆ گۆرینی حیزب بە حیزبیکی سیاسی کۆمەلایەتیو جەماوەری، گریخواردنی حیزب بوو لەگەل خواستە گرنگو قولەکانی کۆمەلگادا، تەبدیل بوونی حیزب بە رەمزی خەبات لە پیناو ئەو خواستانە. دەرکەوتنی حیزب لە مەیدانی ئەم نەبەردانە لەسەر بژیوی رۆژانەی خەلكو پوچەلکردنەوەی نەخشەی داسەپاندنی دەستوری قەومی ئیسلامی بەسەر کۆمەلگا. دەتوانی تەکانیکی گەورە بە حیزب بدات لەسەر جهەتگیری کۆنگرەی سیّیەم.

نارەزایەتی جەماوەی لە دژی ئەم سیاسەتو هەنگاوانە دەستی پیکردوە، نەفرەتو بیزاری خەلك قولپ دەدات، برسیتیو گرانی بناقاقای خەلکی گرتووە. بە بروای من ئەرکیکی هەرە گرنگی ئەم پلنیۆمە ئەوەیە کە حیزب بۆ سازدانو رابەری کردنی ئەم خەباتو نارەزایەتیە ئامادە بکات، دەبیّ بە ئامادەیی تەواوەوە برۆینە پای ئەم ئەرکە گرنگە. ئەم دەورەیە دەتوانی سەرەتای دەورەیەکی تازەو گرنگ بیت لە نارەزایەتی جەماوەری دژی وەزعی موجود کە لە سایەی جەنگو داگیرکاریو تیرۆریزمو دەسەلاتی میلیشیا قەومیو دینیەکاندا خولقاوە، هەر بەم مانایەش دەتوانی هەنگاویکی گرنگ بیت لە پرۆسەی خەباتیکی سیاسیو جەماوەری، لە هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بۆ کۆتاییهینان بە وەزعی کارەساتباری ئیستا.